# Psychological Thought in Educational Philosophy of Jean-Jacques Rousseau

Ferman Hasan[1], Hoshang Farhad Abdulla[1], Mahdi Aziz Qadir[1], Karwan kakabra kakamand[1]
[1]Department of Psychology, Faculty of Arts ,Soran University

DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2471.26
Published: 21/07/2024

## Abstract

Background: This research attempted to investigate the role of the philosopher, social scientist, and educator Jean-Jacques Rousseau in the study of psychological, social and educational phenomena, and the interest of this thinker in a group of topics that are among the most important areas of psychological studies in the variety fields of psychology at the present time.

Aim: The aim of this research is to show Rousseau's role in psychology in the eighteenth century, and to prove the participation of this philosopher in the emergence of psychology.

Methods: The research relied on the descriptive and qualitative approach and the method of content analysis, which, by returning to several sources, related to the topic of research, tried to investigate the role of Rousseau and his participation in psychology.

Results: The results of the research indicated to Rousseau's role and participation in the research of many psychological, social, philosophical, political and economic phenomena in the eighteenth century, which became an important basis for the manifestation, development of psychology in the coming stages.

Conclusion: The study indicates the role of Rousseau in psychology and the participation of this philosopher in the emergence of this science.

***Keywords:*** *Jean-Jacques Rousseau, Rousseau and Education, Émile, Nature of Humanity, Social contract, A Critique of Rousseau's views.*

# بیری دەروونزانی لە فەلسەفەی پەروەدەیی ژان ژاک ڕۆسۆدا

م. ی. فەرمان حەسەن
زانکۆی سۆران/ فاکاڵتیی ئاداب
farman.aula@soran.edu.iq

د. هۆشەنگ فرهاد عبداللة
زانکۆی سۆران/ فاکەڵتیی ئاداب
hoshang.abdulla@soran.edu.iq

م. ی. مەهدی عەزیز قادر
زانکۆی سۆران/ فاکەڵتیی ئاداب
mahdy.qadir@soran.edu.iq

پ. ی. د. کاروان کاکەبرا کاکەمد
زانکۆی سۆران/فاکەڵتیی ئاداب
karwan.kakamad@soran.edu.iq

## پوختە :

**باکگراوند:** ئەم توێژینەوەیە هەوڵیداوە لە ڕۆڵی ژان ژال ڕۆسۆ(Jean-Jacques Rousseau)ی فەیلەسوف و کۆمەڵناس و پەروەردەکار لە لێکۆڵینەوە لە دیاردە دەروونی و پەروەردەییەکان و گرنگیدانی ئەو بیرمەندە بە باتگەلێک بکۆڵێتەوە کە لە ئێستادا بواری سەرەکیی لێکۆڵینەوە لە دەروونزانیی هاوچەرخن.

**ئامانج:** توێژینەوەکە جەختی لەسەر دەرخستنی ڕۆڵی ڕۆسۆ لە لێکۆڵینەوە لە دەروونزانی لە سەدەی هەژدەهەم و بەشداریی ئەو بیرمەندەی لە هێنانەکایەی دروونزانی کردووە.

**میتۆد:** توێژینەوەکە پشتی بە میتۆدی وەسفی- چۆنایەتی و شێوازی لێکۆڵینەوەی شیکاریی ناوەکی بەستووە و تیایدا بە گەڕانەوە بۆ چەندین سەرچاوەی پەیوەندار بە بابەتی لێکۆڵینەوە، هەوڵیداوە لە ڕۆڵ و بەشداریی ڕۆسۆ لە لێکۆڵینەوە لە دەروونزانی بکۆڵێتەوە.

**ئەنجام:** ئەنجامی توێژینەوەکە ئاماژەی بە ڕۆڵی ڕۆسۆ لە لێکۆڵینەوە لە چەندین دیاردەی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ئابووری و فەلسەفی و ئەدەبی لە سەدەی هەژدەهەمدا کردووە، کە بوونەتە بنەمایەکی گرنگ بۆ پێشکەوتن و دەرکەوتنی دەروونزانی لە قۆناغەکانی دواتردا.

**دەرەنجام:** دەرەنجامی توێژینەوەکە ئاماژەی بە ڕۆڵی ڕۆسۆ لە لێکۆڵینەوە لە دەروونزانی و بەشداریی ئەو بیرمەندە لە هاتنەکایەی دەروونزانی کردووە.

**وشە کلیلییەکان:** ژان ژاک ڕۆسۆ، ڕۆسۆ و پەروەردە، ئێمیل، سروشتی مرۆڤایەتی، پەیمانی کۆمەڵایەتی، ڕخنەگرتن لە بیروڕاکانی ڕۆسۆ.

# بیری دەروونزانی لە فەلسەفەی پەروەدەیی ژان ژاک ڕۆسۆدا

## ١. پێشەکی

ژان ژاک ڕۆسۆ، یەکێکە لە زانا و کەسایەتییە گرنگەکانی ناو مێژووی فەلسەفەی نوێ، کە بەشدارییەکی کارای لە بوارەکانی فەلسەفەی سیاسی و پەروەردە و ئاکار و کۆمەڵناسیدا هەبووە، هەروەها یەکێکە لەو بیرمەندانەی کە گرنگیدان بە دەروون و دیاردە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان و پەروەردە و کێشە و گرفتە پەروەردەییەکان بە تەواوی نووسراوەکانیەوە ڕەنگیداوەتەوە، وێڕای توندی و زیادەڕۆیی زۆر لە بیروبۆچوونەکانی سەبارەت بە پەروەردە و پێگەیاندن، لە سەردەمی ئەمڕۆشدا پەروەردەی نوێ پشتی بە زۆرێک لە بنەما پەروەردەییەکانی بەستووە و بەرهەمەکانیشی لە لێکۆڵینەوە لە دیاردە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکاندا بە گرنگترین سەرچاوە دانراون ( Battistolo,2009,p. 15; Biron et al. ,1994,pp. 45-456).

ڕۆسو یەکێک بووە لە بیرمەندە دیارەکانی سەردەمی ڕۆشنگەری لە ئەوروپا، بە تیۆر و بیروبۆچوونەکانی دەربارەی ئاین و فەلەسەفە و پەروەرد و کۆمەڵناسی و دەروونزانیی مێژیک بەشدارییەکی گەورەی لە بزوتنەوەی ڕۆشنگەریدا کردووە و بیروڕاکانی لە هەموو لایەنێکەوە جێگەی سەرنج و مشتومڕی زۆر بووە، لە کارنامە فەلسەفییەکەیدا چەندین شاکاری بێوێنەی پێشکەش بە مرۆڤایەتی کردووە، بە هۆی نووسین و بڵاوکردنەوەی بیروبۆچوونە فەلسەفی و پەروەردەییەکانی تووشی چەرمەسەری و نەهامەتیی زۆر بووە، لە بنەڕەتدا خەڵکی ژنێڤ بووە، بەڵام زۆربەی ژیانی لە پاریس بەسەربردووە و هەر لەو شارەدا لە یەکی تەمووزی ١٧٧٨ کۆچی دوایی کردووە (المستکاوی، ١٩٨٩، ل. ٧ –١٢).

ڕۆسۆ دە ساڵ پێش هەڵگیرسانی شۆڕشی فەڕەنسی مردووە، بەڵام لە دوای مردنیدا کۆمەڵگای فەڕەنسی و ئەورووپی بە گشتی کەوتۆتە ژێر کاریگەریی بیروبۆچوونەکانی، ئەو بەڵگەنامەیەی کە لە دوای شۆڕش بڵاوکراوەتەوە و بە ڕاگەیەندنی مافەکان ( Declaration of rights) ناسراوە، دەقەکەی لە ناوەڕۆکی کتێبی گرێبەستی کۆمەڵایەتیی ڕۆسۆوە وەرگیراوە، کاریگەریی کتێبەکەش نەک تەنها لەسەر شۆڕشی فەڕەنسی، بەڵکو لەسەر هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەمەریکا لە ساڵی ١٧٧٩ و سەرکردەکانی ئەو شۆڕشە لە نموونەی تۆماس و جیفەرسن و هاوڕێکانیدا هەبووە (ابوجابر، ١٩٨٥، ل. ١٠١٠).

ڕۆسۆ لە کارنامەکەیدا گرنگی بە لێکۆڵینەوە لە چەندین بواری فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و دەروونی و پەروەردیی داوە، ئەمەش بە تەواوی لە نووسراوەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە، گرنگترین بەرهەمەکانیشی بریتین لە ئیمیل (Émile) کە لە ساڵی ١٧٦٢ بڵاویکردۆتەوە، گرێبەستی کۆمەڵایەتی (The Social Contract) کە لە هەمان ساڵدا، ساڵی ١٧٦٢ بڵاویکردۆتەوە، هەروەها دانپێدانانەکان یاخود پێلێنانەکان (Confessions) کە لە ساڵی ١٧٧٠ بڵاویکردۆتەوە.

نووسراوەکانی جگە لەوەی ڕێخۆشکەرێک بوونە بۆ بەرپابوونی شۆڕشی فەڕەنسی، ڕۆڵی

سەرەکیشیان لە چڕۆکردن و گەشەکردنی بیری سۆسیالستی نەتەوایەتی و ڕۆمانسی و دیکتاتۆریدا هەبووە، هەروەها ڕۆڵی گرنگیشیان لە دارشتنی یەکسانی و دیمۆکراسی لە فەڕەنسا و سویسرا و وڵاتانی تری ئەورووپادا هەبووە. یەکێک لە گرنگترین نووسراوەکانیشی کتێبی ئیمیل (Émile) ە کە کاریگەریی زۆری لەسەر ڕەوشی و پەروەردە و گۆڕانگاریی پەروەردەییدا هەبووە، بۆیە بە بڕوای زۆرێک لە لێکۆڵەرەکان بەشی زۆری مەزنی و بلیمەتیی ڕۆسۆ بۆ ئەو کتیبە دەگەڕێتەوە کە لە ئێستاشدا بە یەکێک لە سەرچاوە پەروەردەییە هەرە گرنگەکان دادەنرێت. لەو کتێبەدا ڕۆسۆ لاوێکی بە ناوی ئیمیل کردۆتە نموونە کە چۆن لە سەرەتاوە پەروەردە و گۆشکراوە و ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە هەڕەت و ڕێچکەی ژیانیدا بەسەریدا هاتووە (هارت، ١٩٧٨، لا. ٢٨٥ –٢٨٦).

ڕۆسۆ زیاتر وەک فەیلەسووف و پەروەردەکارێک ناسراوە، بەڵام بە کارەکانی بەشداری و خزمەتێکی گەورەی بە بوارەکانی کۆمەڵناسی و دەروونزانی کردووە. لە بواری ڕامیاری و کۆمەڵایەتیدا ناکۆک بووە لەگەڵ هەوڵی خەڵک بۆ گەیشتنیان بە سەروەری و پایەبەرزی لە ڕێگەی بریکار و پێکهێنانی کۆمەڵە و گرووپی بریکارییەوە، پێی وابووە پێویستە خەڵک یاسا و پێشنیازەکانیان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بخەنەڕوو، هەروەها هێرشی کردۆتە سەر خاوەندارێتی و کەرتی تایبەت و بە ئەرکی حکومەتی زانیوە کە گرەنتیی ژیانی یەکسانی نێوان خەڵک و ئازادییە کەسییەکانیان بکات لە دەوڵەتێکدا کە بە خواست و ویستی هەمووان دروستبووە (Derathé,1970,p. 86; Lazăr, 2014,p. 188189;Ousselin,2009,p. 1022).

لە بواری پەروەردەدا، ڕۆسۆ لایەنگیری ئەوە بووە کە ڕێگە بە منداڵ بدرێت بە پێی خواست و ویستی خۆی فێربێت. لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنیدا حەزوو ئارەزووەکانی لەبەرچاوبگیرێت و بە ئەزموونی تایبەتی خۆی فێربێت نەک ناچار بە ئەزبەرکردنی زانست و کلتوور بکرێت، دوورخستنەوەی لاوانی لە خۆشەویستی بە تاوانێکی گەورە زانیوە و پێیوابووە قۆناغی لاوێتی پێویستی بە شێوازێکی پەروەردەی دروست هەیە، کە تیایدا حەزوو ئارەزووە سرووشتییەکانی لاوان لەبەرچاوگیرابێت نەک سەپاندنی کۆمەڵێک یاسا و وانەی زۆرەملێ و پشتگوێخستنی خواست و حەز و ئارەزووە سروشتییەکانیان ( Самойличенко,1998,p. 41 ; Хуторской, 2012,p. 24). هەروەها سەبارەت بە زانین و ژیاریی مرۆڤایەتی ڕاوبۆچوونی تایبەتی هەبووە، پێیوابووە پێویست ناکات چاکەی شارستانێتی بەسەر ژیانی سادەی ئێستای ژیانی مرۆڤەکاندا بدرێت، لە دۆخێکی وادا تەنانەت لە کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو و سەردەمییانەشدا مرۆڤەکان ڕووبەڕووی چەندین گەندەڵیی جیاواز دەبنەوە (ووربیرتن، ٢٠١٥، لا. ٣٣). بۆیە بەسەرنجدان لە ئاراستە فەلسەفی و پەروەردەییەکەی ئەو زانایە و کۆی ئەو بوارانەی کە لە کارنامەکەیدا جەختی لەسەر کردوون، تێبینی گرنگیدان بە چەندین دیاردەی دەروونی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و ڕامیاری دەکرێت، کە لە ئێستادا بابەتی گەرمی لێکۆڵینەوەن لە دەروونزانی.

## ٢. ئامانجی توێژینەوە

ئەو توێژینەوەیە هەوڵی داوە بە گەڕانەوە بۆ کۆمەڵێک سەرچاوەی وەک کتێب و توێژینەوەو نوسراوەکانی ڕۆسۆ و سەرچاوەی تری پەیوەندار بە بابەتەکە لە ڕۆڵی ڕۆسۆ لە لێکۆلینەوە لە دیاردە دەروونیەکان و بەشداری ئەو فەیلەسوفە لە هاتنە کایەی دەروونزانی بکۆڵێتەوە، بە جەخت کردن لەسەر ڕۆل و بەشداری کارای ڕۆسۆ لە لێکۆڵینەوە زۆرێک لە گرفتە دەروونی و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتیەکان کە لە ئێستادا بابەتی سەرەکی لێکۆڵینەوە لە ڕشتە جیاجیاکانی دەروونزانین، هەروەها کاریگەری ڕۆسۆ و هەوڵە فەلسەفیەکانی لە بەرەوپێش چوونی دەروونزانی لەسەدەی هەژدەهەمداو هاتنەکایەی زانستەکە لە قۆناغەکانی دواتردا.

## ٣. گرنگی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە دەری خستووە ڕۆسۆ وەک فەیلەسوف و زانایەکی بواری پەروەردە گرنگی بە لێکۆڵینەوە لە زۆرێک لە دیاردە دەروونی و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و جڤاکیەکان داوە کە لە ئێستادا بابەتی سەرەکی لێکۆلینەوە لە ڕشتە جیاجیاکانی دەروونزانین و بە نوسراوەکانی بەشداریەکی کارای لە هاتنە کایەی دەروونزانی وەک زانستیکی سەربەخۆ لە قۆناغەکانی دواتردا کردووە. هەرەها دەشێت توێژینەوەکە ببێتە دەروازەک بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕۆلی ڕۆسۆ لە گرنگیدان بە دیاردە دەروونی کۆمەڵایەتیەکان و پەیوەندی ڕۆسۆ بە دەروونزانی کە بابەتێکە پێویستی بە خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەی زیاترە.

## ٤. ناوەڕۆکی توێژینەوە

ناوەڕۆکی توێژینەوەکە، سێ تەوەرەی لەخۆگرتووە کە بریتین لە ڕۆسۆ و پەروەردە، ڕۆسۆ و سروشتی مرۆڤایەتی، ڕەخنەگرتن لە بیروڕاکانی ڕۆسۆ.

### ٤. ١. ڕۆسۆ و پەروەردە

ڕۆسۆ، شارەزا و پسپۆڕێکی گەورەی بواری پەروەردە و پێگەیاندن بووە لە سەردەمی ڕۆشنگەریدا، تەنانەت لە ئێستاشدا کار بە زۆرێک لە بنەما و بنچینە پەروەردیەکانی دەکرێت کە چەند سەدە لەمەوبەر دایناون، بیروبۆچوونە پەروەردەییەکانیشی لە کتێبە بەناوبانگەکەی ئێمیلدا خستۆتەڕوو، ناوەڕۆکی کتێبەکە باس لە چیرۆکی منداڵێک دەکات بە ناوی ئێمیل (Émile) کە بە لەدایکبوون و گەورەبوونیەوە دەستپێدەکات و بە هاوسەرگیریکردنی لە تەمەنی ٢٥ ساڵییەوە کۆتایی دێت، لە چیرۆکەکەدا ڕێگە بە ئێمیل دەدرێت بە پێی حەز و ئارەزووی خۆیەوە پەروەردە بێت و بە پێی ئەزموونی تایبەتی خۆی فێربێت. ئەوەی کە ڕۆسۆ و ئاراستە پەروەردەییەکەی لەو کتێبیەدا لە تەواوی بیروبۆچوونەکانی تر جیاکردۆتەوە جەختکردنی بووە لەسەر سەربەخۆیی منداڵ لە پرۆسەی پەروەردە و فێربووندا، بروای وابووە نابێت بە ناوی

پەروەردەکردنەوە لە ژێر فشاری کۆمەڵایەتی و حەز و ئارەزووی منداڵ پێشێلبکرێت و ئازادی لێ زەوتبکرێت، بەڵکو دەبێت وازیانلێبهێنرێت و هەتا بتوانن خۆیان ئەزموون لە ژیاندا پەیدابکەن و سوود لە هەڵەکانی خۆیان وەربگرن، هەروەها جەختکردنی بووە لەسەر پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیکردنی منداڵ و گونجاندنی خواست و ویستەکانی منداڵ لەگەڵ پرۆگرامی پەروەردەیی و ئەو ڕێگا و شێواز و کەرەستە و ئامرازانەی کە مامۆستا و پەروەردەکاران گەرەکیانە لە پرۆسەکەدا بەکاریانبهێنن، هەر بۆیە لە کتێبی ئێمیلدا سەبارەت بە پەروەردەکردن و چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵدا وتوویەتی لەگەڵ منداڵ ڕێکاری پێچەوانەوە بگرنەبەر تا هەست بکات کە ئەو خاوەنی بڕیار و هەڵبژاردنە، لە هەستی ئازادانەی خۆیەوە فێربێت نەک لە بەدەنگەوەهاتن و ڕێگەپێدانی ئێوە، هەر نەوەیەکیش بەو شێوەیە پەروەردە و فێربکرێت دەبێت بە باشترین نەوە لە نەوەکانی کۆمەڵگا (ڕوسو، ١٩٥٨، ل. ١٢-٧).

ئامانجی ڕۆسۆ لە پەروەردەکردندا دروستکردنێکی تاکێکی تەندروست بووە لە ڕێگەی گەشەیەکی تەندروستەوە، پەروەردەیەک دوور لە توندوتیژی و سەپاندنی یاسا و ڕێسا و نەریت و ئەرکی زۆرەملێ، پێیوابووە پەروەردەی یەکەم لە تەمەنی ١٢ ساڵییەوە دەستپێدەکات، چونکە منداڵ لە دوای لەدایکبوونەوە تا تەمەنی ١٢ ساڵی فێری هیچ شتێک نابێت، بۆیە پێوستە تەنها یاری لەگەڵدا بکرێت و گرنگی بە بەهێزکردنی هەستەوەرەکانی منداڵ بدرێت، چونکە هەرچەند هەستەکان و ئەندامانی هەستی بەهێزتر بن باشتر فێردەبێت، جەختی لەسەر فەراهەمکردنی ئازادیی ڕەها بۆ منداڵ کردووە و بوونی هەرجۆرە دەسەڵاتێکی دەرەکیشی بەسەر منداڵدا ڕەتکردۆتەوە، پێی وابووە دەسەڵاتی دەرەکی منداڵ فێری ترس دەکات و ترسیش ترسنۆکی دەکات و وای لێ دەکات لاواز و خۆبەکەمگر و بێئیرادە بێت، بەردەوام جەختی لەسەر هاندانی منداڵ لەسەر فێربوونی زمانی سروشت و وەرزش و چالاکیی جەستەیی کردووە و دژی ئەوە بووە لە سەرەتای تەمەنیدا فێری زمان و دابونەریت بکرێت (Sarbazevatan, 2011,p. 2,3; Soëtard, 1994,p. 1,2,3).

ڕۆسۆ جەختی لەسەر سروشتی خێرخوازانەی مرۆڤایەتی کردووە، پێیوابووە مرۆڤ کوڕی هەڵە و گوناهەکانیەتی کە بنەمایەکی ژینگەییان هەیە و سروشت هۆکاری دووچاربوونیانە بە هەڵە و تاوانەکان، لەسەر ئەو بنەمایە پێیوابووە منداڵ لە بنچینەیەدا سروشتێکی خێری هەیە نەک شەڕ، بە پێچەوانەی دید و تێڕوانینەکانی پێشووتر کە لە ئاین و بیروباوەڕی ئاینییەوە سەرچاوەیان گرتبوو. بە واتایەکی تر، پێیوابوو منداڵی خراپ ژینگەی خراپ دروستیکردووە نەک لە بنەڕەتدا فیترەتێکی خراپی هەبووبێت (Perrot,1990,p. 155; Grandière,2000,p. 111). هەروەها جەختی لەسەر ڕۆڵ و کاریگەریی سروشت لە پەروەردە و پێگەیاندنی منداڵ بە پلەی یەکەم و لەسەر کۆمەڵگا و کەرەستە و ئامرازەکانی بەردەستی منداڵ وەک هۆکاری دووەم و سێیەم کردووە کە ڕۆڵی کاریگەر لە پەروەردەکردنی منداڵدا دەگێڕن (Martineau & Buysse, 2016,p. 8). هەروەها جەختی لەسەر ئازادیی تەواو و بێشەرت و مەرج بۆ منداڵ کردووە، پێی وابووە پێشێلکردن و سنووردارکردنی ئازادیی منداڵ بە هەر

هۆکارێک یان لەژێر هەر بیانوویەک بێت زیندانێک بۆ منداڵ دروستدەکات و بۆ دەرچوون لەو زیندانە دەبێت ئازاد بێت (Galeazzi,2012,. p. 45).

پەروەدەی ئەرێنی و لەبەرچاوگرتنی سروشتی منداڵ و حەز و ئارەزوو و پێداویستییەکانی منداڵ یەکێک بووە لە گرنگترین ئەو بنامەیانەی کە ڕۆسۆ لە کارنامەکەیدا جەختی لەسەر کردووەتەوە، بەو پێیەی منداڵ فێری شتێک نابێت کە پێویستی پێ نەبێت، یان لەگەڵ سروشتی منداڵانەی نەگونجێت، بۆیە ناشێت لە پرۆسەی پەروەردەدا شتێک بکرێت پێچەوانەی هەست و ویست و داخوازییەکانی منداڵ و جیهانی تایبەتی منداڵ بێت، لە ڕوانگەی ڕۆسۆ، منداڵ تەوەرەی سەرەکییە لە پرۆسەی پەروەردەدا، بۆیە ناکرێت سروشتی منداڵانەی لەبەرچاونەگیرێت و گوێ بە خواست و ویست و حەز و ئارەزوو و پێداویستییەکانی نەدرێت، لە ژێر هیچ بیانوویەک گەورەکان مافی سەندنەوەی منداڵێتییان لە منداڵ نییە و بۆیان نییە شێوازی ژیانی گەورەیی خۆیان بەسەر منداڵدا بسەپێنن و بە هۆیەوە سروشتی منداڵێتییان بشێوێنن، پێیوابووە سروشتی منداڵ بنەمای پەروەردەکردنیەتی، پێویستە پێش هەر شتێک داوا لە منداڵ بکرێت منداڵ بێت نەک گەورە، بۆیە ناشێت پەروەردەکار لە ژێر هیچ بیانوویەکدا داوای شتێک بکات کە لە وزە و توانای منداڵ بەدەربێت، یان پێویست ناکات وەک بچووک یان مرۆڤی ناتەواو سەیری منداڵ بکرێت، بەڵکو بە جۆرێک لێی بڕوانرێ کە منداڵە و لەخۆگونجاندن لەگەڵ دۆخی تایبەتی خۆی دەژێت و چالاکیە عەقلییەکان و پێداویستییەکانی هاوتەریبی یەکن (الخطاط، ٢٠١٥، لا. ٢٣٩)، لەو پێناوەدا ڕۆسۆ قۆناغەکانی گشەی منداڵی و هەرزەکاری بەسەر پێنج قۆناغدا دابەشکردووە بە جۆرێک هەر قۆناغێک لە قۆناغەکان کۆمەڵێک تایبەتمەندی و داواکاریی خۆیان هەیە و بریتین لە:

- **قۆناغی شیرەخۆری یان ساوایی (Infancy (birth to two years)** : لە ساتەوەختی لەدایکبوونەوە دەستپێدەکات تا تەمەنی ٥ ساڵی، پێویستە لەم قۆناغەدا منداڵ ببرێت بۆ لادێ بۆ ئەوەی لەناو سروشتێکی ئارام هەوای پاک هەڵمژێت، نابێت هەوڵی پەروەردەکردنی بدرێت، بەڵکو پێویستە وازی لێ بهێنرێت و بۆ خۆی پەروەردە بێت.
- **قۆناغی تەمەنی سروشتی (The age of Nature' (two to twelve)** : لە ٥ ساڵییەوە دەستپێدەکات تا تەمەنی ١٢ ساڵی، پێوستە لەو قۆناغە منداڵ لەناو سروشت و ژینگەی لادێ بمێنێتەوە و تەنها گرنگی بە وەرزش و پەروەردەی جەستەیی بدرێت.
- **قۆناغی پێش هەرزەکاری(Pre-adolescence)**: لە ١٢ ساڵییەوە دەستپێدەکات تا تەمەنی ١٥ ساڵی، لەم قۆناغەدا پێویستە هەوڵی فێرکردن و پەروەدە و پێگەیاندنی هەرزەکار بدرێت و بۆ ئەوەی ئامادە بێت بۆ کارکردن.
- **قۆناغی خۆناسین (Puberty)**: چوارەم قۆناغە لە ١٥ ساڵییەوە دەستپێدەکات تا تەمەنی ٢٥ ساڵی، لەم قۆناغەدا دوای ئەوەی مێردمنداڵ بەشی پێویستی لە پەروەردەی جەستەیی و عەقڵی وەرگرتووە پێویستی بە پەروەردەی ئاکاری و ئایینیە.
- **قۆناغی پێگەیشتن(Adulthood)**: لە دوای تەمەنی ٢٠ ساڵییەوە دەستپێدەکات، قۆناغی پێگەیشتنە و تیادا تاک دەشێت بچێتە ناو پرۆسەی هاوسەرگیری و وەچەنانەوە و وەستانەوە بە ڕووی کۆسپ و تەگەرە و ئاستەنگییەکانی ژیان (ڕوسو، ١٩٥٨، لا. ٦٧ –٨٧).

## ٢. ٤. ڕۆسۆ و لێکۆڵینەوە لە سروشتی مرۆڤایەتی

ڕۆسۆ یەکێک بووە لە لایەنگرانی ئاراستەی سروشتی لە فەلسەفەدا، ڕیشەی ئاراستەکە لە فەلسەفەی کۆن و بیروبۆچوونی فەیلەسوفە کۆنەکانەوە سەرچاوەی گرتبوو، بەڵام لە سەدەی هەژدەهەمدا وەک پەرچەکردارێک بە دژی فەلسەفەی کۆن و بۆچوونی فەیلەسوفانی پێش خۆی دەرکەوت کە دەشێت ناوی شۆرش یان بزوتنەوەیەکی فەلسەفی و زانستی نوێی لێ بنرێت. ئەو ئاراستەیە جەختی زیاتری خستبووە سەر گرنگیدان بە ئێستای مرۆڤ نەک ڕابردووەکەی بەو پێیەی ئێستا کلیلی دوارۆژە نەک ڕابردوو، جیهانیش ملکەچی کۆمەڵێک یاسا و ڕێسایە کە بەم شێوەیە بەڕێوە دەچێت، لەسەر ئەو بڕوایە جەختیان لەسەر بنیادنانی کۆمەڵگا و مرۆڤایەتی لەسەر بنەمای یەکسانی و دادپەروەری کردووە نەک بنیادنان لەسەر بنەمای سروشتی سەپاندنی دەسەڵات و تاریکی (فضل الله، ٢٠٠١، لا. ١٦).

لێکۆڵینەوە لە سروشتی مرۆڤ، ئەو بابەتە گرنگ بووە، کە ڕۆسۆ بە تێر و تەسەلی دەربارەیان دواوە، لەو بوارەشدا پشتی بە فەلسەفە و بیرەبۆچوونەکانی تۆماس هۆبز بە لێکدانەوەو ڕاڤەکردنیکی تازە بەستووە (Slusarenco & Pozneacova, 2021,p. 191)، پێیوابووە مرۆڤ لە کۆمەڵگای سەرەتاییدا ئازادییەکی ڕەهای هەبووە و هیچ یاسایەک نەبووە کە چوارچێوەبەندی بکات و ئازادییەکانی سنووردار بکات، بەڵام دوای نیشتەجێبوون و پەیدابوونی شار و ژیانی شارستانێتی و دەوڵەت دۆخەکە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و ڕۆژبەرۆژ لەلایەن دەوڵەتە جیاجیاکانەوە سنووری ئازادیی مرۆڤ زیاتر بەرتەسککراوەتەوە، بۆیە هێنانەدیی سیستەمێکی دادوەرانەی بۆ چارەسەرکردنی دۆخەکە کە بریتی بێت لە گرێبەستێک لە نێوان دەسەڵاتی سیاسی و هاووڵاتیدا بە پێویست زانیوە.

ڕۆسۆ بڕوایوابووە مرۆڤ بە سروشتی خۆی و لە بنەڕەتدا بوونەوەرێکی چاک و لەخۆبوردووە، بەڵام شار و شارستانێتی تێکی دەدات و سروشتە ڕاستەقینەکەی دەگۆڕێت، مرۆڤ هیچ کاتێک هیوا و ئاوات و حەز و ئارەزوویێکی دیاریکراوی نییە کە لە دەرەوەی کۆمەڵگادا بێت، تەنانەت چاکەکارییەکانیشی کە هەستێکی سروشتین پێویستییان بە بارودۆخی کۆمەڵایەتیی تایبەت هەیە بۆ ئەوەی گەشەبکەن و پەرەبستێنن، کاتێک مرۆڤ دەگۆڕێت کە کۆمەڵگا گەشەبکات، کۆمەڵگاش پێوستی بە تایبەتمەندیی تازە و نوێ هەیە نەک سەرەتایی، بۆ نموونە پەیوەندییە خێزانییەکان لەناو خێزاندا نەبێت گەشەناکەن، چونکە خێزان دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتییە نەک سروشتی، هەروەها موڵکداریەتی دامەزراوەییەکی کۆمەڵایەتییە و دەبێتە هۆی دەرکەوتنی بەربەرەکانێ و پێکدادانی بەرژەوەندییەکان، مرۆڤیش وەک بوونەورێکی کۆمەڵایەتی دەکەوێتە ژێر کاریگەریی کەسانی تر، هەمیشە خۆی لە چاوی خەڵکیدا دەبینیتەوە بە جۆرێک ئەو کاریگەرییە لە ڕەفتاری ڕۆژانەیدا ڕەنگدەداتەوە (Canivez, 2004,p. 1,2)، ئەمەش کرۆکی ئەو بابەتانەیە کە لە ئێستادا بوارەکانی دەروونزانیی کۆمەڵایەتی و دەروونزانیی ڕامیاری و ئاکاری گرنگییانپێدەدەن.

چەمکی ئازادی یەکێکی ترە لەو بابەتانەی کە ڕۆسۆ دەربارەی دواوە و بە سروشتی مرۆڤەوە گرێیداوە، تەنانەت ئازادی بە ئامانجی سەرەکیی مرۆڤ و گرنگترین ئامرازی پەروەردە داناوە و بە جۆرێک پێناسەی کردووە، کە بریتی بێت لە زاڵکردن و پیرۆزکردنی دەسەڵاتی عەقڵ بەسەر ڕەمەک و توندوتیژی و بەرژەوەندیی کەسی و دەسەڵاتخوازیدا (الجیوشي، ١٩٩٩، لا. ٩٠)، بەو مانایە ئازادی لای ڕۆسۆ پەیوەست بووە بە تێڕوانینی بۆ سروشتی مرۆڤایەتی، بەو پێیەی مرۆڤ پێکهاتووە لە ڕەمەک و عەقڵ و پێویستە گرنگی بە جیهانی عەقڵ بدات و بەسەر ڕەمەک و دەنەدەرەکانی زاڵی بکات، دواجار چەمکی ئازادی بە عەقڵ و ئاوەزیی مرۆڤ گرێداوە و پێیوابووە نە عەقڵ بەبێ ئازادی و نە ئازادی بێ عەقڵ تەواو نابن و هیچ مانایەکیان نابێت.

لە ڕوانگەی ڕۆسۆ، مرۆڤ بوونەوەرێکی ئازادە و هیچ بیانوویەک نییە بۆ ئەوەی ملکەچی مرۆڤێکی تر بێت، بەڵام پێویستە ملکەچی ویست و ئیرادەیەکی گشتی بێت کە گوزارشت لە بەرژوەندیی گشتیی کۆمەڵگا و خواست و ویستی کۆمەڵانی خەڵک بە گشتی لە هەموو کات و ساتێکدا بکات، لەسەر ئەو بنامەیە مرۆڤ ملکەچی یاسا و ڕێسا کۆمەڵایەتییەکان و کۆمەڵگاش ملکەچی دەسەڵاتێک دەبێت کە ئازادیی هەمووان مسۆگەر بکات و بەرژەوەندیی هەمووان وەک یەک بپارێزێت، بەو مانایە مرۆڤ وابەستە و ملکەچی دەسەڵاتێک دەبێت کە ئازادی و بەرژەوەندییەکانی خۆی تێدا ببینێتەوە (سعید، ١٩٩٨، لا. ١٥٩). هەروەها پێیوابوو مرۆڤ بوونەوەرێکی چاکەکارە، بەڵام کۆمەڵگا و ژینگەی کۆمەڵایەتی بە لاڕێیدا دەبات و تۆی خۆپەرستی و ناپاکی و شەڕانگێزی تێدا دەچێنێت، لە باری سروشتیدا لە نموونەی باڵا نزیکتر دەبێتەوە، لە ڕووی مێژووییەوە مرۆڤ سروشتێکی خێرخواز و تەواوی هەیە و دەشێت تا گەیشتن بە قۆناغی تەواوکاریی ڕەها پەرە بەو سروشتەی بدرێت و بەرەو پێشەوە ببرێت (أوبرال، ١٩٩٣، لا. ٦١).

ڕۆسۆ لە لێکۆڵینەوە لە سروشتی مرۆڤایەتیدا گرنگییەکی زۆری بە کێشە و گرفتەکانی مرۆڤ داوە، گرنگیدان بە زۆرێک لە دیاردە دەروونی و کۆمەڵایەتی و جڤاتییەکان کە لە ئێستادا بابەتی سەرەکیی لێکۆڵینەوە لە دەروونزانی و لقە جیاجیاکانی دەروونزانین بە تەواوی نووسراوەکانی ڕۆسۆوە دیارە، ئەو گرنگیدانەش بە یەکێک لە گرنگترین بەرهەمەکانی کە کتێبی گرێبەستی کۆمەڵایەتییە ڕەنگیداوەتەوە، لەم کتێبەدا چارەسەری کۆمەڵێک بابەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی وەک ژیانی سروشتی و پەیمانی کۆمەڵایەتی و سەروەری کردووە لە ڕووی ڕەگەز و جۆر و سنوورەکانیان و حکومەت و شێوازەکانی حکومەت و هونەری بەڕێوەبردنی گشتی، لە سەرەتای کتێبەکەدا بە وتە بەناوبانگەکەیەوە دەستیکردووە و وتوویەتی مرۆڤ بە ئازادی لەدایکبووە، بەڵام لە هەموو شوێنێک بە کۆت و زنجیر بەستراوەتەوە، لەسەر ئەو ڕێتمە وا هەست دەکات کە سەروەریی کەسانی ترە، لە کاتێکدا لەوە بەدەر نییە کە کۆیلەترینیان بێت (ڕوسو، ٢٠١٣، لا. ٢٣).

بە پێی گرێبەستی کۆمەڵایەتیی ڕۆسۆ، پەیوەندیی نێوان حکومەت و جەماوەری خەڵک پێویستی بە پەیماننامە یان گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی لە نێوان هەردوو لایەندا هەیە، پەیمانێک کە هاووڵاتییان بە حکومەت و دەسەڵاتی سیاسی دەدەن و لە بەرانبەریشدا حکومەت گرەنتیی ژیانی هاووڵاتییان دەکات و وەک دامەزراوەیەکی گشتی پاریزگاری لە ماف و پێداویستییەکانیان دەکات، گریبەستێک وەک پردی پەیوەندیی نێوان حکومەت و خەڵک و هەر کاتێک پردەکە نەما یان تێکشکا پەیوەندییەکە دەپچڕێت و نە حکومەت وەک دامەزراوەیەکی گشتی دەتوانێ وەڵام بە جەماوەری خەڵک و داخوازییەکانیان بداتەوە و نە خەڵکیش ئامادەیی ئەوەیان هەیە پارێزگاری لە حکومەت بکەن (روسو، ٢٠١٣). بەو پێیە ڕۆسۆ بە پێشەنگی ئەو زانایانە دادەنرێت، کە لە پەیوەندیی نێوان دەوڵەت وەک دامەزراوەیەکی سیاسی و کارگێڕی و جەماوەری و خەڵک و زۆرێک لەو بابەتانەی کۆڵیوەتەوە کە لە ئێستادا بواری لێکۆڵینەوە لە دەروونزانیی کۆمەڵایەتی و ڕامیارین. هەروەها ڕۆسۆ گرنگییەکی زۆری بە لێکۆلینەوەی ئەدەب و هونەر و بیری ڕۆمانسی لە فەلسەفە و ئەدەب و هونەر (Rousseau,1781,pp. 3-8) و ئابووری و ئاکار و بناماکانی دەروونزانی لە ئابووری داوە ( Spector,2007,p. 31; Hurtado & Pignol, 2007,p. 11)، لەوەشدا ڕۆسۆ بە پێشەنگی ئەو زانایانە دادەنرێت کە گرنگییان بە لێکۆڵینەوە لەو بوارانە داوە، کە لە ئێستادا بابەتی لێکۆڵینەوە لە دەروونزانیی ئەدەبی و دەروونزانیی فەلسەفی و ئاکار و دەروونزانیی ئابووری.

یەکێکی تر لەو بابەتە گرنگانەی کە ڕۆسۆ دەربارەیان دواوە نامۆبوون و لێکۆڵینەوە لە دیاردەی نامۆبوون بووە، وەک گرفتێکی دەروونی و کۆمەڵایەتی، یەکەم کەس بووە چەمکی نامۆبوون (Alienation)ی وەک زاراوە بەکارهێناوە، پێیوابووە کاتێک هەندێ لە نوێنەران بە نوێنەرایەتیکردنی گەل هەڵدەستن، ئەوا ئەو گەلە ناتوانێت سەروەرێتیی خۆی پیادە بکات و لە چوارچێوەی نیشتمانەکەیدا گۆشەگیر دەمێنێتەوە و هەست بە نامۆیی دەکات (فیشر، ١٩٨٠، لا. ١٣٠). ئەمەش یەکێکە لە دیارترین ئەو بابەتانەی کە لە ئێستادا بوارەکانی دەروونزانیی کۆمەڵایەتی و دەروونیدروستی گرنگیی پێ دەدەن. هەروەها ڕۆسۆ هەردوو چەمکی دەروونزانی و پەروەردەی بەیەکەوە گرێداوە و بڕوای وابووە دەروونزانی بنەمای پەروەردە و پەروەردەش بنەمای گۆڕینی کۆمەڵ و گۆڕانکاریی کۆمەڵگایە، ڕۆسۆ پەروەردەی بە ئامرازی گۆڕانکاریی چاکسازیکردن و دووبارە دروستکردنەوەی کۆمەڵگا داناوە بە جۆرێک هەموو کەس تیایدا ئاسوودە و کامەران بێت نەک وەک پلاتۆ (Plato) کە پێیوابووە جگە لەوەی فەیلەسووفی زانا و دادوەر فەرمانڕەوایی کۆمەڵگا بکات ڕێگایەکی تر بۆ چاکسازی نەبێت، چونکە مەبەست و ئامانجی بوون و بەها بەرزەکانی دەزانێت (میخائیل، ١٩٤١، لا. ٣٥٩).

## ٣. ٤. ڕەخنەگرتن لە بیروڕاکانی ڕۆسۆ

بە گەڕانەوە بۆ کارنامەی ڕۆسۆ، تێبینی گرنگیدان بە چەندین بیربۆچوونی پەروەردەیی دەروونی و کۆمەڵایەتی و جڤاتی دەکرێت، کە بوونەتە بنەمایەکی گرنگ بۆ پەروەردە و پێگەیاندن و بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دوای خۆی، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشدا زانستە دەروونی

و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییەکان نەک هەر گرنگی پێ دەدەن، بەڵکو لە زۆر لایەنەوە پشتی پێ دەبەستن، بەڵام وێڕای هەموو خاڵە ئەرێنییەکانی، لە ناوەڕۆکی بیروبۆچوونەکانیدا بە گشتی و بە تایبەت بۆچوونە پەروەردەییەکانی توندی و زێدەڕۆییەکی زۆر بەدیدەکرێت، کە بوونەتە مایەی ڕەخنەگرتن لێی چ لە سەردەمی خۆی و چ لە دوای خۆی و ئێستاشدا، گرنگترین ئەو ڕەخنانەش کە لە کۆن و ئێستادا ئاراستەی ڕۆسۆ کراون پەیوەستن بە چەند بابەتێکی وەک زێدەڕۆییکردن لە ئازادیی ڕەها و جۆری مامەڵەکردن لەگەڵ مەیل و حەز و ئارەزوو و پێداویستییەکانی فێرخواز و دید و تێڕوانینی بەرانبەر بە ژن و بێبەشکردنیان لە فێربوون و شێوازی پەیوەندیی نێوان هاووڵاتی و دەوڵەت (بالطاهر و غرغوط، ٢٠١٦، لا. ٢٥٧).

ڕۆسۆ، کتێبی ئیمێلی لە شێوەی ڕۆمان و بە شێوازێکی پەخشانئامێز دارشتووە، ناوەڕۆکی کتێبەکە و ئەو بنەمایانەی کە ئاماژەی پێ کردوون گوزارشت لە ڕاوبیربۆچوونی تایبەتی خۆی دەکەن و هیچ بنەمایەکی تاقیکارییان نییە و لە ڕێگەی تێست و تاقیکردنەوەوە نەسەلێنراون (Battistolo,2009,p. 5-7; Klee et al,. p. 5-8)، هەروەها جەختێکی زۆری لەسەر سروشت و ڕۆڵی سروشت لە پەروەردە و پێگەیاندن کردووە، بڕای وابووە تا تەمەنی ١٢ساڵی نابێت هیچ شتێک فێری منداڵ بکرێت، بەڵکو ڕووبەڕووی سروشت بکرێتەوە و لە سروشتەوە فێربێت و پەروەردە وەربگرێت و لە کاتی هەڵە کردنیشدا سروشت ئازاری بدات، ئەمەش لە واقیعدا مەحاڵە و منداڵ لەو تەمەنەدا ناتوانێت ڕووبەڕووی هەموو سەختییەکانی سروشت بێتەوە. بۆ نموونە، بەکارهێنانی داودرمان و ڕووناکی و پۆشاکی پێویستی لە ئیمێل قەدەغکردووە بۆ ئەوەی دوور لە ئاوەدانی بژیت، دەیەوێت بێ پێڵاو بێت و بە پێخواسی لە چەشنی ژیانی دیۆجین(Diogenes)دا بژیت، کە دواتر دەبێتە هۆی ئەوەی لە شارستانێتی و ژیانی تازە بێئاگا و بێبەش بێت (عبدالدائم، ١٩٨٤، لا. ٣٨٢). ڕۆسۆ، توانیویەتی هەڵەی بیرمەند و فەیلەسووفانی پێش خۆی ڕاستبکاتەوە، کە پێیانوابووە مرۆڤ سروشتێکی شەڕخوازانەی هەیە، بەڵام خۆشی کەوتە هەڵەیەکی گەورە کە پێیوابووە مرۆڤ لە بنچینەدا سروشتێکی خێرخوازیی هەیە لە کاتێکدا سروشتی مرۆڤ هەردوو لایەنی خێر و شەڕی لەخۆگرتووە (قەرەچەتانی، ٢٠١٦، لا. ٦٣).

یەکێک لە ڕەخنە هەرە توندەکان کە ئاراستەی ڕۆسۆ و ئاراستە فەلسەفییەکەی کراوە بەکەمزانین و بەپاشکۆدانانی ژن بووە بۆ پیاو، تەنانەت کاتێک باسی مرۆڤی کردووە مەبەست لێی تەنها پیاو بووە نەک ژن و پیاو هەردووکیان، بڕوای بە یەکسانیی نێوان ژن و پیاو وەک یەک بوونیان لە ئەرک و مافدا نەبووە، پێیوابوو ڕەگەزی ژن بۆ زانست و هونەر و دانایی و ڕامیاریی دروستنەبووە، بەڵکو بۆ دایکایەتی و تەنها دەتوانن دایک بن (Fernandes,1992,p. 131). هەروەها سەبارەت بە ئاین و ئاینداری، بڕوای وابوو نابێت تا تەمەنی ١٨ ساڵی منداڵ فێری ئاین بکرێت (بالطاهر & غرغوط، ٢٠١٦، لا. ٣٦١)، بەمەش لە دوو لاوە ڕووبەڕووی ڕەخنەی توندی پیاوانی ئاینی و فەیلەسووف و بیرمەندانی تر بۆتەوە.

سروشتی پەیوەندیی نێوان کۆمەڵگا و دەوڵەت کە ڕۆسۆ لە گرێبەستی کۆمەڵایەتیدا دیاریکردبوو، هەرچەند جێگەی سەرنج و تێڕامان و ڕەزامەندیی زۆرێک لە بیرمەندانی هاوسەردەمی خۆی و دوای خۆی بووە، بەڵام لە لایەن هەندێ بیرمەندی ترەوە کەوتۆتە بەر ڕەخنەی توند لەسەر ئەوەی کە تەنها هاووڵاتییە، بە گرێبەستەکەوە پابەند دەبێت و لە هەر کاتێکدا دەوڵەت ئەگەر خواستی لەسەر نەبوو، یان لە بەرژەوەندیدا نەبوو، پەیماننامە و بەندەکانی گرێبەستەکە پێشیلدەکات و هێزێکیش لە سەرووی خۆیەوە نییە ملکەچی پابەندبوون بە گرێبەستەکەی بکات (Hoffmann,1982,pp. 23-40). هەروەها ڕۆسۆ بە ئەندازەیەک جەختی لەسەر ئازادیی تاکایەتیی مرۆڤ کردبووەوە، کە لە سنووری تیۆری پەروەردەی گشتیی بزووتنەوەی ڕۆشنگەریی فەرەنسی دەرچووە، پێیوابووە هەر مرۆڤێک سەرکردە و ڕابەری خۆیەتی و هیچ شتێک یان کەسێکی تر ناتوانێت ناچاری بکات بە جۆرێک هەڵسوکەوت بکات کە خۆی مەیل و ئارەزووی لەسەر نەبێت، مرۆڤ ئازادیی تەواوی هەیە لەوەی چاکە یان خراپە هەڵبژێرێت، بەڵام کاتێک ڕێگای خراپە دەگرێت و لە جیاتی کاری باش کارێکی خراپ ئەنجامدەدات بۆ خۆی سزای ویژدانی دەچێژێت، بەو پێیەی ویژدان دەنگی ڕوحە لە مرۆڤدا (عبدالكريم، ٢٠٠١، لا. ٤).

## ٥- میتۆدی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە پشتی بە میتۆدی وەسفی- چۆنایەتی و شێوازی لێکۆڵینەوەی شیکاریی ناوەکی بەستووە، کە تیایدا هەوڵیداوە بە گەڕاونەوە بۆ چەندین سەرچاوەی وەک کتێب و توێژینەوە و وتاری پەیوەندار بە بابەتی لێکۆڵینەوەکە، لە ڕۆڵ و بەشداریی فەیلەسووف و پەروەردەکاری سویسری ژان ژاک ڕۆسۆ لە لێکۆڵینەوە لە زۆرێک لەو دیاردە دەروونی و پەروەدەیی و کۆمەڵایەتی و جڤاکییانە بکۆڵێتەوە کە لە ئێستادا بابەتی سەرەکیی لێکۆڵینەوەن لە دەروونزانی و ڕۆلی ڕۆسۆ وەک بیرمەندێکی سەردەمی خۆی لە دەرکەوتن و هاتنەکایەی دەرونزانی پێش پەیدابوونی زانستەکە وەک زانستێکی سەربەخۆ دەربخات.

## ٦-ئەنجام

ڕۆسۆ، یەکێک بووە لە بیرمەند و فەیلەسووفە دیارەکانی سەردەمی ڕۆشنگەری کە خاوەن ڕوانگە و ئاراستەیەکی فەلسەفیی تایبەت بە خۆی بووە، لەگەڵ ئەوەی فەیلەسووف و کۆمەڵزان و پەروەدەکارێکی بێوێنە بووە و زیاتر وەک فەیلەسووف یان پەروەردەکارێک ناسراوە، بەڵام لە چەندین بواری جۆراوجۆری فیکری و فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و مرۆییدا کاری کردووە و کاریگەریی زۆریشی لەسەر ڕەوتی لێکۆڵینەوە لە دەروون و دیاردە دەروونی و پەروەردەییەکان هەبووە (عریعیر، 2017، لا. ٩-٦). لەو بیرمەندانە بووە کە بەشدارییەکی کارای لە هێنانەکایەی دەروونزانی و دەرکەوتنی ئەو زانستە لە قۆناغەکانی دواتر وەک زانستێکی سەربەخۆ هەبووە، یەکێک بووە لە پێشەنگی ئەو فەیلەسووفانەی کە گرنگیی زۆری بە پەروەردە و پێگەیاندنی منداڵ داوە، لە لێکۆڵینەوە لە دیاردە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان

جەختی لەسەر کۆمەڵێک بابەت کردووەتەوە، کە لە ئێستادا تەوەرەی سەرەکیی لێکۆڵینەوە لە هەردوو بواری دەروونزانیی گەشە و دەروونزانیی پەروەردەیین (Koops, 2012,pp. 49-52). هەروەها گرنگی بە لێکۆڵینەوە لە پەیوەندیی پەروەردە و سیستەمی پەروەردەیی بە ژینگەی ناوەوە و دەرەوەی منداڵ داوە، وەک پەیوەندیی منداڵ بە سروشت و ڕۆل و کاریگەریی سروشت لە پەروەردە و پێگەیاندنی منداڵ، لەو پێناوەدا هەوڵیداوە پەروەردە و دەروونزانی یەکانگیر و ئاوێتەی یەکتر بکات (Soëtard,1994,p. 1,2,3,4).

لێکۆڵینەوە لە سروشتی مرۆڤ تەوەرەی سەرەکیی کارەکانی ڕۆسۆ بووە، تیایدا جەختێکی زۆری لەسەر سروشتی خێرخوازانەی مرۆڤ کردووە و پێیوابووە مرۆڤ لە بنەڕەتدا بوونەوەرێکی خێرخوازە نەک شەڕخواز (محمود، ٢٠١٥، لا. ٨٤)، ئەو تێڕوانینانەشی کاریگەریی بەسەر بیروبۆچوونی بیرمەندانی دوای خۆی هەبووە لە ناویاندا ئیمانۆئیل کانت لە دیارترین ئەو بیرمەندانەیە، کە ڕەنگدانەوەی بیروڕاکانی ڕۆسۆی بەسەرەوە دیارە (العزاوي، 2010: ٩٣)، هەروەها گرنگی بە زۆر لایەنی ئەرینی لە سروشتی مرۆڤایەتی داوە، کە لە دوای خۆی ئاراستەی مرۆڤایەتی لە دەرونزانی و لە ئێستاشدا دەروونزانان و لایەنگرانی دەروونزانیی ئەرێنی گرنگیپێدەدەن. هەروەها گرنگییەکی زۆری بە لێکۆڵینەوە لە هەندێ گرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتی داوە لە ناویاندا دیاردەی نامۆبون، یەکەم کەس بووە زاراوەی نامۆبوونی بۆ گرفتەکە بەکارهێناوە و هەوڵی چارەسەرکردنی گرفتەکەی داوە (فیشر، ١٩٨٠: لا. ١٣٠)، ئەمەش یەکێکە لەو بابەتە گرنگانەی کە لە ئێستادا بوارەکانی دەروونزانیی کۆمەڵایەتی و دەروونددروستی و ڕێنمایی دەروونی و چارەسەری دەروونی گرنگیپێدەدەن.

ڕۆسۆ، گرنگییەکی زۆری بە لێکۆلینەوە لە کۆمەڵگا وەک دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی و پەیوەندیی کۆمەڵگا بە دەوڵەت وەک دامەزراوەیەکی کارگێری لە ژیانی کۆمەڵایەتی و هێمنی ئاسایشی کۆمەڵانی خەڵک و زۆرێک لەو بابەتانە داوە، کە لە ئێستادا تەوەرەی سەرەکیی لێکۆلینەوە لە ڕشتەکانی دەروونزانیی کۆمەڵایەتی و ڕامیارین (معوش وشيحة، ٢٠١٨: لا. ١٠). هەروەها گرنگییەکی زۆری بە لێکۆڵینەوە لە ئاین (Watson, 2019,p. 1,2,3) و ئازادیی تاک و کۆمەڵگا (Brint,1985,p. 339) داوە، جەختی لەسەر ئازادی و یەکسانی وەک دوو بنەمای گرنگ لە سیستەمی یاسادانان کردووە و بەرگریکردنی لە ئازادیی تاک و کۆمەڵگای بە مافێکی سروشتی و حاشاهەڵنەگری خەڵک زانیوە (ووکلر، ٢٠١٥، لا. ٢٥)، ئەمەش کرۆکی ئەو بابەتانەیە کە لە ئێستادا بوارەکانی دەروونزانیی ئاینی و دەروونزانیی کۆمەڵایەتی و دەروونزانیی ڕامیاری گرنگیپێدەدەن.

ڕۆسۆ، گرنگییەکی زۆری بە زمان و ئەدەب و بیری ڕۆمانسی لە ئەدەب داوە و کاریگەریی زۆر لەسەر ڕەوتی گەشەسەندنی بیری ڕۆمانسی و هەموو ئەو گۆڕانکارییانەدا هەبووە کە لەو سەردەمەدا بەسەر زمان و ئەدەبدا هاتووە (Bull,1929,p. 1,2; Sée,1929,p. 163)، ئەمانەش ئەو بابەتەن کە لە ئێستادا تەوەرەی لیکۆڵینەوە لە ڕشتەکانی دەروونزانیی ئەدەبی و دەروونزانیی فەلسەفین. هەروەها گرنگیی زۆری بە لێکۆڵینەوە لە ئابووری و ئاکار

و بنەما دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان لە ئابووریدا داوە (Spector,2007,p. 35; Rousseau & Bernardi,2002,p. 8,9,10) کە لە ئێستادا بابەتی لێکۆڵینەوە لە دەروونزانیی ئابووری و بازرگانین.

## ٧-گفتوگۆ و شرۆڤەکردن

ڕۆسۆ، وەک بیرمەندێک لە سەردەمێکدا دەرکەوتووە کە هێشتا ئەورووپا و کۆمەڵگای ئەورووپی قۆناغی ململانێی توندی ئاینی و ئەتنی و نەتەوەگەری تێنەپەڕاندبوو، ململانێ و توندوتیژیی نێوان نەتەوەکان و ئاین و ئاینزا جیاکان بە ئەندازەیەک توند بووە، کە ساڵانە هەزارەها مرۆڤی کردۆتە قوربانی، لەو کاتەدا ڕۆسۆ و کۆمەڵێک بیرمەندی تر بە هەوڵ و تێکۆشانیان هزر و بیری خەڵکیان ڕۆشنکردۆتەوە و ئاراستەی بیرکردنەوەی کۆمەڵگایان گۆڕیوە و گۆڕانکارییەکی مەزنیان لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی کۆمەڵگای ئەورووپی بە گشتی هێناوەتە کایەوە، لەو بوارەدا ڕۆسۆ یەکێک بووە لە کەسە دیار و پێشەنگەکانی بزوتنەوەی ڕۆشنگەریی ئەورووپی، یەکەم کەس بووە کە بە ڕووی پەروەردەی کۆندا وەستاوەتەوە و جەختی لەسەر شێوازێکی تازەی دوور لە توندوتیژی کردووەتەوە کە لە خواست و ویست و حەز و ئارەزووەکانی منداڵەوە سەرچاوەی گرتبێت ( Schultheis,2005,p. 6; Monev,1969,p. 317).

ڕۆسۆ یەکێک بووە لەو بیرمەندانەی کە بیروبۆچوونەکانی تەنها لە سەدەی هەژدەهەمدا چەقیان نەبەستووە، بەڵکو ڕیشەیان بۆ قۆناغەکانی دوای خوی گوێزراوەتەوە و ڕەنگدانەوە و کاریگەریی زۆریان لەسەر بیرمەند و فەیلەسووفانی دوای خۆیەوە هەبووە (الجلالي، ٢٠١٩: لا. ٥). هەروەها پێشەنگی ئەو زانایانە بووە کە گرنگی بە لێکۆڵینەوە لە زۆرێک لە دیاردە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان و کێشە و گرفتە و پەروەردەیی و فێرکارییەکان داوە بە جۆرێک لە سەردەمی ئەمڕۆشدا سیستەمی پەروەردەی نوێ و دەروونزانیی هاوچەرخ سوودیان لە جەوهەری بیروبۆچوونەکانی بینیوە، هەروەها یەکێک بووە لەو زانایانەی کە گرنگییەکی زۆریان بە ئەدەب و هونەر و ئاکار و ئابووریی داوە، کە لە لێکۆڵینەوە لە سەرجەم ئەو بوارانەدا چەندین ڕەهەندی دەروونی بەدیدەکرێت، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا کەموکوڕیی ناتەواوی لەبیروبۆچوونە فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و پەروەردەییەکانیدا هەبووە.

بە سەرنجدان لە کۆی نووسراوەکانی ڕۆسۆ و ئەو توێژینەوانەی کە لەسەر ڕۆسۆ و کارنامەکەی ئەنجامدراون تێبینیی گرنگیدان بە زۆرێک لە دیاردە دەروونی و کۆمەڵایەتی و هزری و عەقڵییەکان دەکرێت، کە لە ئێستا بابەتی گرنگپێدانی دەروونزانین، وێڕای هەموو ئەو توندی و زێدەڕۆییانەش کە بە بۆچوونەکانیەوە دیارە تا ئێستا پەروەردەی نوێ و دەروونزانیی هاوچەرخ پشت بە زۆرێک لە ڕاوبیروبۆچوونەکانی دەبەستێت.

زۆربەی سەرچاوە زانستییەکان ئەو ڕاستییەیان دەرخستووە کە ڕۆسۆ یەکێک بووە لە پێشەنگی ئەو بیرمەندانەی کە داوای چاکسازی لە پەروەردەدا کردووە و بە دژی پەروەردەی

کۆنەپەرستانەی نەریتی وەستاوەتەوە و لە بەرانبەردا جەختی لەسەر شێوازێکی پەروەردەی پێشکەوتوو کردووە، کە تیایدا خواست و ویست و حەز و ئارەزووەکانی منداڵان لەبەرچاوگیرابێت، هەروەها یەکێک بووە لەو زانایانەی کە گرنگی بە گەشە و قۆناغەکانی گەشە و پێداویستییەکانی گەشەی منداڵ و هەرزەکار لەهەر قۆناغێک لە قۆناغەکانی گەشە داوە، بۆیە ڕۆسۆ بە پێشەنگی ئەو زانایانە دادەنرێت کە گرنگییان بە بوارەکانی دەروونزانیی منداڵ و دەروونزانیی پەروەردەیی داوە، هەروەها کتێبیەکەشی ئەگەرچی بە شێوەی ڕۆمان نووسراوە و توندی و زێدەڕۆییەکی زۆری پێوە دیارە، بەڵام بە سەرچاوەیەکی گرنگی بواری پەروەردە و دەروونزانی دادەنرێت، بە جۆرێک تیایدا ئاستەکانی پەروەردە و پێگەیاندنی منداڵی بە پێی قۆناغەکانی گەشەی جەستەیی و دەروونی و هزری و هەڵچوونی و جۆری و منداڵ و پێداویستییەکانی منداڵ و شوێن و کەرستە و ئامرازەکانی پەروەردەی لە هەر قۆناغێک لە قۆناغەکاندا دیاریکردووە، هەروەها دەریانخستووە ڕۆسۆ گرنگیی زۆری بە لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵگا و گرفتە کۆمەڵایەتییەکان و یەکسانی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و یاسادانان و پەیوەندیی تاک و کۆمەڵگا بە دەسەڵات و پابەندیی کۆمەڵگا بە دەوڵەت و ئەرک و لێپرسراوێتیی کۆمەڵگا و دەوڵەت بەرانبەر بە یەکتری داوە، هەروەها گرنگیی زۆری بە لێکۆڵینەوە لە سروشتی مرۆڤایەتی و گرفتە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان و چارەسەرکردنیان داوە بە جۆرێک لە ئێستادا زۆربەی ئەو بابەتانە تەوەرەی سەرەکیی لێکۆڵینەوە لە ڕشتە جیاجیاکانی دەرونزانین.

وێڕای هەموو خاڵە ئەرێنییەکان، کەموکوڕی و ناتەواویی زۆر لە ڕێبازە فەلسەفی و تیۆرە پەروەردەییەکەی ڕۆسۆدا هەبووە و لە زۆرلایەنەوە ڕووبەڕووی ڕەخنەی توند بۆتەوە، ئەو کەموکوڕییانەش بە گشتی پەیوەندییان بە توندی و زێدەڕۆییەکانی ڕۆسۆ لە بیروبۆچوونە پەروەردەییەکان و سروشتی مرۆڤایەتی و شێوازی پەیوەندیی جەماوەر بە دەوڵەت و ئاین و بەکەم گرتنی ژن و بێبەشکردنی لە پەروەردە و فێرکردن و دید و تێڕوانینی بۆ هەندێ گرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئاکارییەوە هەبووە (بالطاهر و غرغوط، ٢٠١٦: لا. ٢٦٧)، لە سەرووی هەمووشیانەوە پەروەردە و شێوازە پەروەردەییە خوداییەکەی بووە، کە تیایدا هەوڵیداوە منداڵ بکاتە بوونەوەرێکی سروشتی وەک ئەوەی خوا دروستی کردووە لەسەر ئەو بنەمایەی کە هەر شتێک لە خواوە هاتبێت باشە و دەبێت لە مرۆڤەکاندا ڕەنگبداتەوە، لە بواری کرداریشدا تیۆرەکەی هیچ بنەمایەکی تاقیکاری نەبووە تەنها ڕەنگدانەوەی بیروبۆچوون و دید و تێڕوانینی خۆی بووە (قەرەچەتانی، ٢٠١٦: لا. ٦٢-٦٣)، بۆیە تیۆرەکە پیادەنەکراوە و تەنانەت خۆشی بە پێی زۆرێک لە سەرچاوەکان نەیتوانیوە منداڵەکانی پەروەردە بکات و بە دایەنگا و هەتیووخانە سپاردوونی.

## ٨-دەرەنجام

ڕۆسۆ، لە کارنامە فەلسەفییەکەیدا گرنگی بە لێکۆڵینەوە لە دیاردەگەلێکی دەروونیی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی داوە، کە لە ئێستادا بابەتی لێکۆڵینەوە لە ڕشتەجیاجیاکانی دەروونزانین، وەک:

- گرنگیدان بە لێکۆڵینەوە لە پەروەردە و پێگەیاندنی منداڵ و لەبەرچاوگرتنی خواست و ویست و حەز و ئارەزووەکانیان لە پەروەردەدا و قۆناغەکانی گەشە و پێداویستییە پەروەردەییەکان لە هەر قۆناغێکدا کە لە ئێستادا بابەتی سەرەکیی لێکۆڵینەوە لە بوارەکانی دەرونزانیی منداڵ و دەروونزانیی پەروەردەیین.

لێکۆڵینەوە لە هەندێک کێشە و گرفتی کۆمەڵایەتی، کە لە ئێستادا بابەتی لێکۆڵینەوە لە دەروونزانیی کۆمەڵایەتین. هەروەها هەندێک کێشە و گرفتی دەروونی لە ناویاندا نامۆبوون کە لە ئیستادا بابەتی لێکۆڵینەوە لە دەرووندروستی و ڕێنمایی و چارەسەری دەروونین.

- لێکۆڵینەوە لە پەیوەندیی نێوان دەوڵەت وەک دامەزراوەیەکی سیاسی و کارگێڕی و جەماوەریی خەڵک و زۆر بابەتی تر کە لە ئێستادا بواری لێکۆڵینەوە لە دەروونزانی کۆمەڵایەتی و رامیارین.
- لێکۆڵینەوە لە سروشتی مرۆڤایەتی بە جەختکردن لەسەر لایەنی خێر و ئەرێنیی مرۆڤ، کە لە ئێستادا دەروونزانیی ئەرێنی جەختیان لەسەر دەکاتەوە.
- گرنگیدان بە ڕۆمانسیزم و بیری ڕۆمانسی لە فەلسەفە و ئەدەب و هونەردا، کە لە ئێستادا بواری لێکۆڵینەوە لە دەروونزانیی فەلسەفی و ئەدەبین.
- گرنگیدان بە ئابووری و ئاکار و بنەما دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی ئابووری، کە لە ئێستادا بابەتی لێکۆڵینەوە لە دەروونزانیی ئابوورین.

## سەرچاوەکان References


### سەرچاوەکان بە کوردی:

قەرەچەتانی، کەریم شەریف. (٢٠١٦). سروشتی مرۆڤایەتی لە ڕوانگەی جان جاک ڕۆسۆ و سیگمۆند فرۆید، چاپی دووەم، سلێمانی، چاپخانەی پیرەمێرد.

### سەرچاوەکان بە عەربی:

أوبرال، فرانسوا & سعد، جورج. (١٩٩٣). معجم الفلاسفة الميسر، ط1، بيروت، دار الحداثة.

أبو جابر، فايز صالح. (١٩٨٥). الفكر السياسي الحديث، ط1، بيروت، دار الجبل للطبع والنشر والتوزيع.

بالطاهر، النوي & غرغوط، عاتكة. (٢٠١٦). قراءة نقدية لنظرية جان جاك روسو التربوية، مجلة الدراسات والبحوث الاجتماعية، جامعة الشهيد حمة لخضير-الوادي، العدد١٨، اكتوبر ٢٠١٦.

الجلالي، محمد. (٢٠١٩). ملامح الحداثة السياسية في فلسفة جان جاك روسو من الحياة العارية إلى بناء المجتمع السياسي، مجلة جيل العلوم اإلنسانية واالجتماعية، العدد18، 2800، جامعة الحسن الثاني، المغرب.

الجيوشي، فاطمة. (١٩٩٩). فلسفة التربية، ط5، دمشق، جامعة دمشق، منشورات جامعة دمشق.

الخطاط، خاليد. (٢٠١٥). مفهوم الطفولة عند روسو؛من التربية الى علم التربية، نقد وتنوير، العدد الاول، مايو/ئايار-صيف ٢٠١٥.

روسو، جان جاك. (٢٠١٣). العقد الاجتماعى، ترجمة، عادل زعيتر، القاهرة، مؤسسة هنداوى للتعليم والثقافه.

روسو، جان جاك. (١٩٥٨). إميل، أو تربيه الطفل من المهد إلى الرشد، ترجمة، نظمى لوقا، تقديم، أحمد زكى محمد، القاهرة، شركه العربية للطباعة والنشر.

عبدالدائم، عبداللة. (١٩٨٤). التربية عبر التاريخ، من العصور القديمه حتى اوائل لاقرن العشرين، ط٥، دار العلم الملايين.

عبد الكريم، نجم. (٢٠٠١). العقد الاجتماعي أحدث تغييرا في مسارات الإنسان، لندن، جريدة الشرق الأوسط، العدد ٨١.

العزاوي، هبه عادل العزاوي. (2010). فلسفة كانت التربوية وأثر جان جاك روسو فيها. لارک، 1(4)، ص ص ٨٧- ٩٦.

عريعير، فاطمة الزهراء. (2017). التربية عند جان جاك روسو، (Doctoral dissertation)، كلية العلوم الانسانية والاجتماعية، جامعة محمد بوضياف بالمسيلة.

فضل الله، محمد إسماعيل. (٢٠٠١). الأصول اليونانية للفكر السياسي الغربي الحديث، ط١، الإسكندرية، بستان المعرفة للطبع والنشر والتوزيع.

فيشر، ارنست. (١٩٨٠). الاشتراكية والفن، ترجمة، اسعد حليم، ط٢، بيروت، دار القلم.

سعيد، جلال الدين. (١٩٩٨). معجم المصطلحات والشواهد الفلسفية، تونس، دار الجنوب للنشر.

محمود، ديما عيسى. (٢٠١٥). الطبيعة البشرية عند فلاسفة التنوير الفرنسي و ابعادها التربوية، دراسة تحليلية مقارنة(رسالة الدكتورا)، دمشق، جامعة دمشق، كلية التربية، قسة اصول التربية.

المستكاوى، نجيب. (١٩٨٩). جان جاك روسو، حياته ومؤلفاته و غرامياته، ط1، القاهره، دار الشروق.

معوش، كريمة و سميرة، شيحة. (٢٠١٨). جدلية العلاقة بين التربية والسياسة عند جان جاك روسو، (رسالة ماجستير منشورة)الجزائر، جامعة محمد بوضياف–المسيلة، كلية العلوم الانسانية والاجتماعية، قسم الفلسفة.

هارت، مايكل. (١٩٧٨). الخالدون مائه، ترجمة:أنيس منصور، القاهرة، دار الزهراء للإعلام العربى.

ووربيرتن، نايجل. (٢٠١٥). حريه التعبير: مقدمة قصيرة جدا، ترجمەو تحقيق: زينب عاطف سيد – شيماء عبد الحكيم طه، ط١، القاهرة، مؤسسة هنداوى للطباعه والتوزيع.

ووكر، روبرت. (٢٠١٥). روسو مقدمة قصيرة جدا، تر: محمد الروبي، أحمد، ط١، القاهرة، مؤسسة هنداوي لتعليم والثقافة.

**سەرچاوەکان بە ئینگلیزی :**

Brint, M. E. (1985). Jean-Jacques Rousseau and Benjamin Constant: A Dialogue on Freedom and Tyranny. The Review of politics, 47(3), 323-346.

Canivez, P. (2004). Jean-Jacques Rousseau’s concept of people. Philosophy & social criticism, 30(4), 393-412.

Koops, W. (2012). Jean Jacques Rousseau, modern developmental psychology, and education. European Journal of Developmental Psychology, 9(sup1), 46-56.

Slusarenco, S. , & Pozneacova, V. (2021). THE CONCEPT OF SOCIAL CONTRACT IN THE JEAN-JACQUES ROUSSEAU'S POLITICAL PHILOSOPHY. InterConf.

. Jean-Jacques Rousseau. education (Paris, UNESCO: International )1994(Soëtard, M. , Bureau of Education), 24(3/4), pp. 423-38.

Watson, M. (2019). The Damned Neighbors Problem: Rousseau’s Civil Religion Revisited. Religions, 10(6), 349.

سەرچاوەکان بە فەڕەنسی:

Battistolo, E. (2009). L'Education Nouvelle et Jean-Jacques Rousseau: entre revendication légitime et filiation fantasmée: l'exemple des travaux de Claparède (1905-1930) (Doctoral dissertation, University of Geneva).

Biron, P. , Bourdon, N. , Chevrier, M. , Dufresne, J. , Dessertine, P. J. , Laberge, H. ,. . & Jean-Jacques, R. (1994). La pensée éducative de Rousseau. Article publié dans Perspectives: revue trimestrielle d'éducation comparée (Paris, UNESCO: Bureau international d'éducation), vol. XXIV, n° 3/4, 1994 (91/92), p. 443-456.

Bull, C. F. (1929). Les elements romantiques dans" La nouvelle Heloise" de Jean Jacques Rousseau (Doctoral dissertation, Rice University).

Derathé, R. (1970). Jean-Jacques Rousseau et la science politique de son temps. Vrin.

FERNANDES, T. S. (1992). Pouvoir féminin et ordre social. Les paradoxes de l'inégalité dans l'oeuvre de Jean-Jacques Rousseau. L'homme et la Société, 26(1), 131.

Grandière, M. (2000). Rousseau et les éducateurs. Étude sur la fortune des idées pédagogiques de Jean-Jacques Rousseau en France et en Europe au XVIII e siècle.

Hoffmann, P. (1982). Benjamin Constant critique de Jean-Jacques Rousseau. Revue d'Histoire littéraire de la France, 23-40.

Hurtado, J. , & Pignol, C. (2007). Rousseau, philosophie et économie. Cahiers d'économie politique/Papers in Political Economy, (2), 9-15.

Klee, P. , Kandinsky, V. , & Chabloz, J. P. Marilene Oliveira Almeida & Maria do Carmo de Freitas Veneroso: Louise Artus-Perrelet dans Le dessin au service de l'éducation. Dialogues entre. L'Institut Rousseau à Genève. Épicentre d'une mutation pédagogique mondiale?, 186.

Lazăr, V. (2014). LE DISCOURS SUR L'ECONOMIE POLITIQUE DE JEAN-JACQUES ROUSSEAU OU POURQUOI TOUTE ECONOMIE EST UNE ECONOMIE POLITIQUE. New Europe College Stefan Odobleja Program Yearbook, (2013+ 14), 187-221.

Perrot, J. (1990). La décision de l'enfant: entre Jean-Jacques Rousseau et la violence. Enfance, 43(1), 149-160.

Ousselin, E. (2009). " Faites régner la vertu": la morale économique de Jean-Jacques Rousseau. The French Review, 1022-1032.

Rousseau, J. J. (1781). Les consolations des misères de ma vie, ou recueil d'airs romances et duos. de Roullede.

Rousseau, J. J. , & Bernardi, B. (2002). Discours sur l'économie politique (Vol. 120). Vrin.

Sarbazevatan, S. (2011). La place de Jean-Jacques Rousseau dans la philosophie kantienne de l'éducation.

Sée, H. (1929). La pensée de Jean-Jacques Rousseau (Bibliothèque de philosophie contemporaine).

Schultheis, F. (2005). De Genève à la Polis grecque et retour-Les rêveries politiques de Jean-Jacques Rousseau à la recherche de la démocratie idéale (pp. 123-136). Economica.

Spector, C. (2007). Rousseau: éthique et économie. Cahiers d'économie politique/Papers in Political Economy, (2), 27-53.

Martineau, S. , & Buysse, A. A. (2016). Rousseau et l'éducation: apports et tensions. Phronesis, 5(2), 14-22.

Monev, L. (1969). Les premières mentions de Jean-Jacques Rousseau dans la littérature serbo-croate. Dix-Huitième Siècle, 1(1), 317-328.

**سەرچاوەکان بەڕووسی:**

Самойличенко, Н. В. (1998). Развитие идеи свободного воспитания в педагогике VIII-XX вв. (ЖЖ Руссо, ЛН Толстой, КН Вентцель).

Хуторской, А. В. (2012). Человекосообразная дидактика Ж. -Ж. Руссо. Историко-педагогический журнал, (2), 18-30.

# الفكر السيكولوجي في الفلسفة التربوية لجان جاك روسو


## الملخص الدراسة:

**الخلفية النظرية:** حاول هذا البحث التحقيق في دور الفيلسوف والعالم الاجتماعي والمربي جان جاك روسو  في الدراسة عن الظواهر النفسية والاجتماعية والتربوية، و اهتمام هذا المفكر بمجموعة من الموضوعات التي تعد من اهم المجالات الرئيسية للدراسات النفسية في مجالات متعددة للعلم النفس في الوقت الحاضر.

**الهدف:** الهدف من هذا البحث، اظهار دور روسو في علم النفس في القرن الثامن عشر، وإثبات مشاركة هذا الفيلسوف في ظهور علم النفس.

**المنهج:** اعتمد هذا البحث على المنهج الوصفي والنوعي وطريقة تحليل المحتوى، التي من خلال العودة إلى عدة مصادر، تتعلق بموضوع البحث حاول التحقيق في دور روسو ومشاركته في علم النفس.

**النتيجة:** لقد أشارت نتائج البحث إلى دور روسو ومشاركته في البحث من العديد من الظواهر النفسية والاجتماعية  والفلسفية و والسياسية والافتصادية في القرن الثامن عشر التي أصبحت أساسا هاما لاظهار و تطور علم النفس في المراحل المقبلة.

**الخاتمة:** تشير هذه الدراسة الى دور روسو  في علم النفس و مشاركة  هذا الفيلسوف في ظهور هذا العلم.


**الكلمات المفتاحية:** جان جاك روسو، روسو والتعليم، إميل، الطبيعة الإنسانية، العقد الاجتماعي، نقد آراء روسو.